## به خێر بێی بۆ شەشەمین کۆنگرەی جیهانی شوێنەوارناسی!

کۆمیتەی ڕێکخەری ئەم کۆنگرە چاوەڕوانە خێرهاتنی تۆ بکات بۆ ئایرلەند لەبۆ بەشداری کردن لە WAC-6 کە لە 29ـی جوون هەتا 4ـی جوولای 2008 بەڕێوە دەچێت. شوێنی سەرەکی بەڕێوەچوونی ئەم بەرنامە ئاکادێمیە بینای زانکۆی University College Dubin ـە، کە تۆزێک لە خوارۆی ناوەندی شاری دابلین دایە. هەروەها کە دەتوانی لە سەر ماڵپەڕەکەمان (http://www.ucd.ie/wac-6H) ببینی، بەرنامەیەکی بەربڵاو و سەرنجڕاکێش بەڕێوە دەچێت کە بابەت و کۆبوونەوەی جۆرواجۆر لە خۆی دەگرێت وە بەشداربووان دەتوانن لە ئەو بوارە جیاوازانە دا دەور ببین و هاوکاری بکەن. دوایین دەرفەت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکان وە پۆسترەکان 22ـی فێبریەی 2008 ـە. تکایە ئەو فۆرمە ئێلکترۆنیکیە کە لە سەر لاپەڕەی Submit Proposals (واتە پێشکەش کردنی پێشنیارنامەکان)ـی ماڵپەڕەکەمان دایە بەکار بهێنە بۆ ئەوە وتار یان پۆستر پێشکەش بکەی. ئێمە هانی بەشداربووان ئەدەین وە داوایان لێ دەکەین کە بە خێراترین کاتێکی مومکین پێشنیارنامەکانی خۆیان پێشکەش بکەن.
خەرجیەکان و کرێکانی ناونووسین بۆ کۆنگرەکە لە سەر ماڵپەڕەکە نووسراوە. ئێمە داوا ئەکەین لە ئەو کەسانەی کە هەتاوەکوو ئێستا نەبوونەتە ئەندامی کۆنگرەی جیهانی شوێنەوارناسی (WAC)، بیر لە بەئەندامبوون بکەنەوە، چونکا بۆ ئەندامانی WAC خەرجی ناونووسین زۆر کەمترە. تۆ دەتوانی لە ڕێگای ناونیشانی ئینترنێتی
Hhttp://worldarchaeologicalcongress.org/site/join.php ببیە ئەندامی WAC.

هەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی WAC کە دەیەوێت کۆنگرەکە بەڕاستی نوێنەرایەتی هەموو جیهان بکات، ئێمە هەروەها خۆشحاڵ دەبین کە پاڵپشتی بەشداربووان بکەین لە ڕێگای ناونووسینی خۆڕایی و دابین کردنی شوێنی دانیشتن، لەگەڵ یارمەتی سەفەر لەبۆ ئەو ئەندامانەی WAC لە وڵاتانی لاواز لە بواری ئابووری یان لە گروپە کۆمەڵگاییە ناوخۆیانیەوە لاوازەکانەوە بەشداری دەکەن. تکایە بڕوانە لە فۆرمی داواکاریی بۆ یارمەتی سەفەر لە لاپەڕەی Grants (واتە یارمەتیەکان) لە سەر ماڵپەڕی WAC-6 بە ناونیشانی Hhttp://www.ucd.ie/wac-6 .

هەندێک پێشانگە و نمایشکردن لە درێژایی کۆنگرەکە دا بەڕێوە دەچێت، لەوانە *Abhar agus Meon*، مەواد و زەین، کە پێشانگەیەکی گەورەیە بۆ دەرخستن و ڕێزگرتن لە پەیوەندی نێوان هونەر و شوێنەوارناسی. لە ڕۆژی چوارشەممە 2ـی جولای زنجیرەیەکی جۆرواجۆر لە گەشتی نێوان-کۆنگرەیی بەڕێوە دەچێت کە بۆ بەشداربووان دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت کە میراتی مەزنی شوێنەوارناسی ئایرلەند ببینن وە لە پاش کۆنگرەکەش سێ گەشتی شوێنەوارناسی بەڕێوە دەچێت بۆ ئەو بەشداربووانەی کە حەزیان لێیەتی. هەروەها، کۆنگرەکە بەرنامەیەکی کۆمەڵگایی هەمەلایەنە لە خۆ دەگرێت بۆ ئەوە هەموان حەزی لێ بکەن و لێی بحەسێنەوە.

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بەرنامە ئاکادێمیە تکایە ئیمەیڵ بنێرە بۆ Hwac6programme@ucd.ie . بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی ناونووسین، شوێنی دانیشتن و مەرجەکانی پێدانی ڤیزای ئایرلەند لەگەڵ ئیمەڵی Hwac6@ucd.ie پەیوەندی بکە.

ئێمە چاوەڕوانین لە دابلین لەگەڵ تۆ دیدار بکەین!
گابریەل کوونەی (Gabriel Cooney)، سێکرێتری ئاکادێمیک، بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی ڕێکخەری WAC-6

### بەرواره گرینگەکان

دوایین دەرفەت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکان / پۆسترەکان: 22ـی فێبریەی 2008
پەسەندکردنی کۆتایی ئەو وتارانە / پۆسترانە کە قوبووڵ کراون: 14 ـی مارچی 2008
(ئەو بەشداربووانە کە بۆ مەبەستی وەرگرتنی پارەی یارمەتی پێویستیان بەوە هەیە کە خێرا ئاگادار بکرێنەوە دەبێت لەگەڵ ئیمەیڵی Hwac6programme@ucd.ie پەیوەندی بکەن.)
دوایین دەرفەت بۆ ناونووسین لە کاتی خۆی دا: پێش 26ـی مارچی 2008
دوایین دەرفەت بۆ ناونووسین بە دێرکردەوە: پاش 26ـی مارچی 2008
دوایین دەرفەتی کۆتایی ناونووسین بۆ هەموو ڕێکخەران و قسەکەران: 1ـی مەی 2008